کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
4-11-2007 14:32 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## هێرش کردنە سەر کوردوستان لەلایەن هەر وولاتێکەوە بێ تەنها پارتی بەرپرسیارنیە؟؟ ....باوکی هەلۆ گەرمیانی

-11گەلاڕێزان-2707کوردی

ئەوەی هەتائیستا کوردی وا بەبێ وولات و پارچە پارچەی هێشتۆتەوە بیری تەسکی پارتایەتی بوە (واتە حزبایەتی) ) لەهەر پارچەیەکی کوردوستان دا بووبێ وەهەمیشە پارتێکی سیاسی بۆ بەهێزکردنی خۆی ومانەوەی لەگورەپانی سیاسی دا بەمەبەستکی کوردایەتی کاری لەگەل هیچ پارتێك نەکردوە تەنها وبەسەرزاری ڕێکەوتن نامەی کردوە ئەوش لەبەر هەلوێستی جەماوەر بوە، وەگەربروانی نە مێژووی گەلەکەمان ئەم راستیەمان بۆدەرئەکەوێ، نەك تەنها لەپارچەیەکی دابراوی کوردوستانی گەورە بەلکو ئەم کارە نارەوایە لەلایەن پارتەسیاسیەکانەوە پەیرەو کراوە لەهەمووپارچەکانی کوردوستان دا، وەهەر پارتێ بۆبەهێزکرنی خۆی گەر زەرەر مەندیش بووبێ بۆ کورد کوردوستان لەکاتی پێوسیتی خۆی دا پەنای بردۆتە بەر ئەو دەسەڵاتانەی کە لە دەسەڵاتیان دا دوژمنایەتی کوردیان کردوە و مافی رەوای کوردیان خستۆتە مەترسیەوە وەژێر پێ یان ناوە، وەئەم کارانەش تەنهاو تەنها سەرکردەکان ئەگرێتەوە. وەئەوەی هەتائیستا نەبۆتەهۆی رزگاری کوردوستان تەنها شکست لەلایەن سەرکردایەتی یەوەبوە، وەبەپێچەوانەشەوە کورد لەشەری پارتی زانی داو لەروی شەری پێشمەرگایەتی دا سەرکەوتنی بەدەست هێناوە وەلەهیچ بەرەیەکی شەردا لەهەرپارچەیەکی کوردوستان دا بێ پێشمەرگە شکستی نەهێناوە وەهەرسەرکەوتووبوە لەگەل ئەوەی کە هەزارەها پێشمەرگە لەبەرەکانی جەنگ دا شەهیدبوە، وەبەردەوامی خۆیان سەلماندوە لەبۆ پاراستی خاکی کوردوستان. وەئیستاش وەك ئەبینرێ زۆرینەی پارتەسیاسیەکانی کوردوستانی باشوور یەك هەلوێستن لەبۆ داواکاریەکانی مافی گەلەکەمان، وەئەوی دلخۆشیشە ئەورێکەوتن نامەیەی لەنێوان (پ. د. ك. ی. ن. ك) بوە کەئیمزاکراوە لەبۆ یەك هەلوێستی و یەك دەنگی لەهەموو کارێك دا بۆبەرژەوندی گەلەکەمان، وەئیستاش لەلاهەموان روون وئاشکرایە کە ئەم هێرشە سەربازیەی تورکیا بەس بەتەنها نیە هەندێ وولاتانی ناوچەکە بەسەرزاری لەگەل تورکیا ن بۆ هێرش کردنە سەر کوردوستانی باشوور وەك سوریای هەردەم دوژمنی کورد، وەهەندێ وولاتانی عەرەبیش لەهەول داندان بۆنەمانی ئەزموونی سەربەخۆیی دەسەڵات لەباشوری کوردوستان بێجگە لە ئیران ولێپرسراوانی ئیستای عێراق بە شیعەوسونەشەوە کەلەگەل گورگا مەر ئەخۆن وەلەگەل مەریش دا شین ئەکەن ؟؟هەربۆیە وەك کوردوستانیەك چەند خالێك پێشنیار ئەکەم هەم بۆ سەرکردایەتی هەرێم و هەم بۆ هەمووپارتەسیاسیەکان وئەوکۆمەلەو گروپانەی لەکوردوستان ودەرەوەی کوردوستان کار ئەکەن بۆ ئازادی کوردوستان و خۆ ئامادەکردن بۆ هەر هێرشێك بۆسەر کوردوستان لەهەر لایەکەوەبێت:-1 -هەرلەئیستاوە یەك هەلوێستی هەموو سەرکردەی پارتەسیاسیەکانی کوردوستان. -2تەنها پارتی دیموکراتی کوردوستان زەرەرمەند نیە لەم رووبەروبونەوەیەدا بەلکو هەموو کوردیك لەهەر بستێکی کوردوستان دابێ زەرەر مەند ئەبێ. -3پێویستە هەموو پێشمەرگەی پارتەکانی کوردوستان لە ئامادەباشی دابن لەبۆ بەرگری لەخاکی کوردوستان لە هەر خالێکی سنوری کوردوستانەوەبێ. -4ئەبێ هەمووك کورد یەك هەلوێست بن وەهیچ جیاوازی نەکرێ لەنێوان (بادینان وسۆران) . -5گەر هێرش کرایە سەرکوردوستان دوژمن بە یەك چاووسەیری کورد ئەکات گەرلە خانەقین بێ یالەهەلبجە یالە زاخۆ بێت. -6پێویستە لەهەموو شارۆچکەکانی نزیك سنوری کوردوستان ژوری ئامادەباشی (عملیات) دابمەزرێ وە بەیەکسانی هەمولایەنەکانی کوردوستان بەشداری تیابکەن. -7لەم کاتەی ئیستادا کە خەریکن ئابلوقە ئەخەنەسەرکوردوستان پێویستە هاودەنگی و دەستی یارمەتی هەبێ لەنێوان ئەوانەی باری ئابوریان باشەلەگەل ئەوانەی کەم دەرامەتن؟ چونکە نەمانی دەسەڵات

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

لەکوردوستان دا لەپێشەوە سەر لێ شێواوی بۆ پایەدارەکان ئەگەرێتەوە؟ -8ئەوەی لەهەمووی گرنگ ترە ئەوەیەکە لێپرسراوانی هەرێمی کوردوستان بەرێزان (( سەرۆکی هەرێم وسەرۆکی وەزیران وسەرۆکی پەرلەمان ) ) ڕێ گربن لە بەردەم ئەو سەرمایەدارانەی ئیستای کوردوستان کە هەموان ئەزانین هەرە زۆریان بەهۆی ئەودەسەلاتەی ئیستای کوردوستانەوەبوون بە سەرمایەدار وەزۆرینەیان خاوەن پەساپۆرتی وولاتانی ئەووروپا یاخود وولاتانی ترن بۆپاراستی سامانیان روولەدەرەوەی کوردوستان بکەن ولەکاتی شادیش دا بێنەوەبۆکوردوستان وهەم سەرمایەداربن هەم لێپرسراوبن؟؟ئەم کارە بۆئەوەیە گەر وە وەك خۆ بەش و یارمەتی دانی دایکی شەهیدان و کەم درامەتەکان بدەن وەنەهێلن باری ئابوری کوردوستان تێك بچێ و ببێتە هۆیەکی سەرەکی بۆ لەدەست دانی سەروەری کوردوستان، وەدوژمن ئەم باری ئابووریە بەهەل بزانێ و چینەبکەن لەناو هەندێکی نەفس نزم دا بیان قۆزنەوەو بە پارەوسامان هەلیان خەلەتێن و؟؟؟ ئەوەش بخنە یادیان کەسەرانی کور دائم دل فراوانن لە بۆ لێبوردن لەتاوان باران؟؟ وەهەر لەئیستاشەوە یانوسراوێك لە پەرلەمانی کوردوستانەوە دەربچێ کە لێ بوردن بۆ هیچ کەسێك نیە لەژێر هەرناوێك یالەپال هەر پارتێك کاری کردبێ بەنهێنی لەکاتی روبەروبونەوەی هەرێمی کوردوستان بۆهەر هەرەشەیەك بێت؟؟؟

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.